شاندێک بۆ پرسی مووچە و بودجە چوونەوە بۆ بەغدا



وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێم رایگەیاند، شاندێکی حکومەت بۆ سەرکایەتی وەزیری دارایی چوونە بەغدا و ئامانجی سەردانەکەش گفتوگۆکردنە لەبارەی ئاستەنگەکانی بەردەم موچەی موچە خۆرانی هەرێمە.

ئەمڕۆ یەکشەممە، وەزارەتی دارایی و ئابووری حکومەتی هەرێم بڵاویکردەوە، شاندێکی حکومەت چوونە بەغدا و وەزیری دارایی سەرکایەتی شاندەکە دەکات.

ئاماژەی بۆشکردوە، ئامانجی سەردانەکە گفتوگۆکردنە لەسەر هەمواری خشتەکانی یاسای بودجەی گشتی عێراق بۆ ساڵی ٢٠٢٥ و هەروەها چارەسەرکردنی ئاستەنگەکانی بەردەم مووچەی فەرمانبەران و مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان.